# دیندار زێباری: هەرێم بە سەدان دەستگیرکراوی داعشی ڕادەستی حکوومەتی بەغدا کردووە



**تا ئێستا بە پێی بەرنامەیەک بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی ناوەندی ژمارەیەکی بەرچاو لە دەستگیرکراوانی داعش ڕادەست کراون و پرۆسەکەش بەردەوامە.**

ماوەیەکە چەند پەرلەمانتار و بەرپرسێکی عێراقی باس لە ئازادکردنی ژمارەیەک دەستگیرکراوی داعش دەکەن کە لە هەرێمی کوردستان دەستەبەسەرن، لە هەمان کاتدا ئاماژە بەوە دەکەن کە حکوومەتی هەرێم ئامادە نییە ڕادەستی حکوومەتی بەغدایان بکات، ئەمەش بە مەترسی دەزانن بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیریی عێراق بە گشتی.

د. دیندار زێباری، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە وەڵامی ئەو تۆمەتانەدا ڕایگەیاند، حکوومەتی هەرێم لەگەڵ بەغدا پرۆسەیەکیان دەست پێ کردووە بۆ ڕادەستکردنەوەی ئەو دەستگیرکراوانە و گوتی: حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاسانکاریی زۆری کردووە بۆ ڕادەستکردنەوەی ئەو دەستگیرکراوانە و تا ئێستا بە پێی بەرنامەیەک بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی ناوەندی ژمارەیەکی بەرچاو لە دەستگیرکراوانی داعش ڕادەست کراون و پرۆسەکەش بەردەوامە.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە ژمارەی ئەو دەستگیرکراوانەی ڕادەستی حکوومەتی ناوەندی کراون گوتی: بە بڕیاری دادگای لێکۆڵینەوەی ئاسایشی هەولێر دوو سەد و حەفتا و حەفت بەندکراو بە پێی ماددەی (سێیەم/ 7تیرۆر) ڕەوانەی (دادگای لێکۆڵینەوەی نەینەوا/ تیرۆر) کراون بە چەند قۆناغێک و لە هەر وەجبەیەک 50تا 55بەندکراو بوون. هەروەها بە پێی بڕیاری دادگای لێکۆڵینەوەی ئاسایشی هەولێر 576 پێنجسەد و حەفتا و شەش بەندکراو بە پێی ماددەی (چوارەم/ 1له یاسایی ژمارە 13ی ساڵی 2005ڕەوانەی (دادگای لێکۆڵینەوەی ڕەسافە/ بەغداد) کراون لە ڕێگای وەزارەتی ناوخۆی عێراق بە فڕۆکە لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێرەوە بە (5) پێنج قۆناغ لە هەر وەجبەیەک 100تا 120بەندکراو ڕەوانە کراون.

زێباری تیشکی خستە سەر ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە لایەن هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگەی کوردستانەوە بە تۆمەتی بوونی پەیوەندی لەگەڵ داعش دەستگیر کراون و لەم بارەیەوە گوتی: لە ماوەی 2014-2016بە پێی ئامارەکانی ئەنجومەنی دادوەریی هەرێم 2652کەس بە تۆمەتی پەیوەندییان بە داعشەوە دەستگیر کراون، 1100تۆمەتی پەیوەندیکردنیان بە داعشەوە بەسەردا ساغ بووەتەوە بە بەڵگەوە و سزا دراون و حوکمەکەشیان بریتی بووە لە زیندانی لە نێوان سێ ساڵ تا زیندانی هەتاهەتایی بە پێی قەبارەی ئەو تاوانەی ئەنجامیان داوە، هەروەها 870کەسیشیان بێتاوان دەرچوون و ئازاد کراون، (682) کەسیشیان تا ئێستا لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدان. لە لایەکی دیکەوە 328سێسەد و بیست و هەشت بەندکراوی تر لە لایەن دادگاوە بڕیاریان لەسەر دراوە کە ڕەوانە بکرێن بۆ (دادگای لێکۆڵینەوەی ڕەسافە/ بەغداد).

سەبارەت بەو کەسانەی کە لە ساڵی 2017دەستگیر کراون، زێباری گوتی: لە شەش مانگی کۆتایی 2017دا 709ئەندامی داعش، یان گومانلێکراو دەستگیر کراون، یان خۆیان ڕادەست کردووە، لەوانە 279 بەندکراو بە بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە، یان بە بڕیاری دادگا، یان بە بڕیاری دادگای تاوانەکان ئازاد کراون. ٢٧ بەندکراو لە لایەن دادگاوە حوکم دراون بە زیندانیکردن بە سزای جۆراوجۆر. ١٥٦ بەندکراو ئێستا لە دادگای تاوانەکان و چاوەڕوانی بڕیاری دادگان بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسیان لە داهاتوودا. ٢٤٧ بەندکراو ئێستا لە ژێر لێکۆڵینەوەدا ماون لە دادگای لێکۆڵینەوە و لە داهاتوودا چارەنووسیان یەکلایی دەکرێتەوە.

ئەوەی جێی سەرنجە کە زۆربەی ئەوە کەسانەی دوای پرۆسەی ئازادکردنی حەویجە دەستگیر کراون، تۆمەتیان ئاراستە نەکراوە و دەزگا ئەمنییەکانیش بەڵگەیان لەسەر نەبوو، بەڵکو لە دوای دەستپێکردنی پرۆسەی ئازادکردنی حەویجە و لە کاتی هاتنیان لە حەویجەوە خۆیان ڕادەستی هێزە ئەمنییەکان کردووە و ئیعتیرافیان کردبوو کە سەر بە داعشن، بۆیە وەک دەستگیراوەکانی تر مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، هەروەها بە هۆی ئەوەی کە ئامادە نەبوون خۆیان ڕادەستی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق بکەنەوە بەشێکیان لە خێزانەکانیان دابڕاون.

لە کۆتایی لێدوانەکەیدا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گوتی: پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە لە هەرێمی کوردستان یاسای ژمارە ٣ ی ساڵی 2006کە بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) ناسراوە پەیڕەو دەکرا، ئەو یاسایە تا 16/7/ 2016کاری پێ کرا. بەڵام ئێستا لە هەرێمی کوردستان بۆ دادگاییکردنی ئەو کەسانەی لە کاری تیرۆریستییەوە گلاون، کار بە یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی 2003ی پەرلەمانی کوردستان و یاسای سزادانی عێراقی، ژمارە (١١١)ی ساڵی 1969ی هەموارکراو دەکرێت.





**خەبات/ زانکۆ جاف**

**سوپای تورکیا، ڕۆژی ٢٠ی جانیوەری ئۆپەراسیۆنی سەربازی خۆی بە ناونیشانی چڵە زەیتون بۆ سەر هەرێمی عەفرین دەستپێکرد و ئێستاش بەردەوامە. بەپێی گوتەی شرۆڤەکاران دوو سیناریۆ و ڕێککەوتن لەنێوان زلهێزەکاندا هەیە لەسەر ئاییندەی عەفرین و ئەو شەڕەی ئێستا بەرپابووە، کە یەکەمیان ئەمەریکاو تورکیاو ئەویدی روسیاو سوریا بەهاوبەشی دایانڕشتووە.**

### عەفرین لە نێوان بەرداشی دوو ڕێککەوتنی زلهێزەکاندا

# کورد قوربانی یەکەم و کۆتایی ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە

### ڕێککەوتنی نێوان تورکیا و ئەمریکا

سەرئەنجام ئەمریکا لە سەر دووڕییانی تورکیا و کوردەکان، هاوپەیمانی خۆی لەناتۆ هەڵدەبژێرێ و پشت لە هاوپەیمانی سەرەکی خۆی لە شەڕی دژی داعش دەکات. یان ئەوەی، کە لە باشترین حاڵەتدا دڵی کوردەکان ڕابگرێت، بەو شێوەی، کە ئەنقەرە ویستی لە سەرە. ئەمریکا بڕیاری داوە، کە پەیوەندییەکانی لە گەڵ تورکیا ئاسایی بکاتەوە، بەم ڕوانگەشەوە پشت لە کوردی سوریا دەکات، کە تا سەر لە شەڕی دژ بە داعش پشتیوان و هاوپەیمانی بووە. ئەمە بەشێکە لە ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆستی ئەمریکی. ئیدارەی ترەمپ بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ تورکیا ڕایگەیاندووە، کە هێزەکانی کوردی سوریا، کە وەک کۆڵەکەی سەرەکی لە کەمپەینی ئەمریکا بۆ شەڕی دژ بە داعش هەژمار دەکرێن، دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

لەو بارەیەوە وۆڵ ستریت جۆڕناڵ، لە سەر زاری بەرپرسێکی باڵای تورکیا دەڵێت، یەکەم هەنگاو بۆ ئەم بابەتە، کشانەوەی هێزەکانی کوردی سوریایە لە شاری منبج و جێگیرکردنیان لە ڕۆژهەڵاتی ڕوباری فورات. ئەم شارە بە شێوەی ڕەمزی بۆتە ناوچەیەک بۆ ململانێی هێزەکانی ئەمریکا، تورکیا و وڵاتانی دیکە.

ئەگەر ئەمریکا وەڵامی ئەرێنی بە داواکاری تورکیا بداتەوە، مانای وایە ڕەزامەندی ئەنقەرەی بە دەستهێناوە. بەڵێنێک، کە پێشتر لە لایەن ئیدارەی باراک ئۆبامای سەرۆکی پێشووی ئەمریکا دراوەتە تورکیا. ساڵی ٢٠١٦ بوو، کە هێزەکانی یەپەگە هەوڵی ئازادکردنی منبجیان لە ژێر دەسەڵاتی داعش دا و لەو کاتەوە لەم شارە جێگیر کراوە. بەڵام تورکیا نیشانی داوە بەو ڕادەیە پشوو درێژ نییە و ئامادە نییە بوونی ئەم هێزانە لە ناوچە سنووریەکانی خۆی قبووڵ بکات یان ئەوەی، کە چاوپۆشی لێبکات. تورکیا تێکڕایان بە تیرۆریست ناو دەبات.

### بەردەوامی گفتوگۆکان

بەم حاڵەشەوە، بەرپرسانی ئەمریکا هیچ خشتەیەکی زەمەنیان بۆ کشانەوەی هێزەکانی کورد لە منبەج بۆ ڕۆژهەڵاتی فورات دیاری نەکردووە. تەنها ڕایانگەیاندووە ئەم بابەتە لە دانیشتن و کۆبوونەوەی لیژنەکانی واشنتۆن و ئەنقەرە باس و گفتوگۆی لەسەر کراوە و یەکەم خولی گفتوگۆکانیش ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینی ڕابردوو لە واشنتۆن بەڕێوەچووە.

ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانی ئەمریکا و تورکیا بە شێوەی ڕێژەیی، کۆمەڵێک تێچووی بەدواوە بووە. هێزەکانی کوردی هاوپەیمانی ئەمریکاش ڕایانگەیاندووە، بۆ بەهێزکردنی بەرەکانی شەری دژ بە تورکیا لە عەفرین و دەوروبەر، لە بەرەکانی شەڕی داعش لە باشووری سوریا دەکشێنەوە. ئەمە لە کاتێکدایە، کە ئەمریکا تەنها چاوی لە سەر داعش و شەڕی دژ بەم گروپەیە و کوردەکانیش کاریگەرترین هێز و فاکتەر بوون لەم شەڕەدا.

سەرباری کێشەکانیان لە سەر ڕۆژئاوای کوردستان، پەیوەندی دیپلۆماسی نێوان ئەنقەرە و واشنتۆن لە دوای کودەتای بێ ئەنجامی تورکیا لە ٢٠١٦، گرژی بەخۆوە بینیوە. لە لایەک ئەردۆغان، هەستی دژ بە ئەمریکا لە وڵات دەورووژێنی و ئەم فکریەتە پەروەردە دەکات، لە لایەکی دیکەوە ئەمریکییەکان و یاسادانەرانی بە زمانی گەمارۆ، هەڕەشە لە تورکیا دەکەن.

### ڕێککەوتنی ژێربەژێر

بەرپرسانی ئەمریکی و تورکیا، کە نەیانویستووە ناوەکانیان ئاشکرا بێت، جەخت لەسەر ڕێککەوتنی دوو لایەن لە سەر منبەج دەکەنەوە. بەرپرسێکی تورکیا دەڵێت، ئەمریکییەکان ئێستا لە نیگەرانیەکانی ئەنقەرە تێدەگەن، بە تایبەت دوای ئەوەی، کە ڕێکس تیلرسەن، سەرۆکی دەزگای دیپلۆماسی ئەمریکا سەردانی تورکیای کردووە. هەروەها دوای دیداری ماکماستەر، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا و سەردانەکەی وەزیری بەرگری ئەم وڵاتە بۆ تورکیا، ئەم تێگەیشتنە لای واشنتۆن دروست بووە. بەرپرسێکی ئیدارەی ترەمپیش دەڵێت، ئاسایی بوونەوە و نزیکبوونەوەی تورکیا و ئەمریکا گرێدراوە بە چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لە سەر کوردەکان.

ئەگەر ئەمریکا پابەندی بەڵێنەکانی خۆی لە بارەی کشانەوەی هێزەکانی کوردی لە منبج بێت، تورکیاش بنکەی سەربازی ئەنجەرلیک دەخاتە خزمەت ئەمریکاوە.

خاڵێکی دیکەی جێی ناکۆکی ئەنقەرە و واشنتۆن، داواکارای بەردەوامی تورکیا بووە بۆ ڕادەستکرنی فەتحوڵڵا گولەن لە لایەن ئەمریکاوە. لە لایەکی دیکەوە، سیناتۆر جەیمز لێنکفۆرد، پلانی گەمارۆی نوێی بۆ سەر ئەنقەرە پێشنیار کردووە.

نیکۆلاس دانفۆرد، شرۆڤەکاری کاروباری تورکیا دەڵێت، ئەم کێشە و ناکۆکیانەی نێوان دوو وڵات، بەرژەوەندی هاوبەشییان لە سوریا خستۆتە مەترسییەوە. هەر بۆیە دەبێ بیر لە نەخشەرێگایەک بکرێتەوە. بە گوتەی دانفۆرد، لە ئێستا تورکیا و ئەمریکا لانی کەم لە کەیسی سوریا، هۆکاریک بۆ وەلانانی ناکۆکیەکانیان دەبینن، کە پێدەچێ ڕێککەوتن بێت لە سەر حیسابی کوردی سوریا. تەرکیزی تورکیا لە سەر شەڕی دژ بە کورد لە سوریا، شەڕی دژ بە داعش دەخاتە پەراوێزەوە و توانای تورکیا لەم نێوەدا بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندیەکانی بردۆتە ژێر پرسیارەوە.

### ڕێککەوتنی نێوان سوریا و روسیا

سەرۆکی روسیا لە نامەیەکدا بۆ بەشار ئەسەد، هاوتا سوریەکەی، چەند ناوچەیەکی بۆ جێگیرکردنی هێزەکانی ئەسەد لە باکوری حەلەب دیاری کردووە، بەو مەرجەی، کە کۆنترۆڵی ناوچەی عەفرین ڕادەستی هێزەکانی تورکیا و ئۆپۆزسیۆنی سوریا بکات. بە گوێرەی زانیاریەکانی ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت، چەند ڕۆژ بەر لە ئێستا بەرپرسێکی باڵای روسیا، کە هەڵگری پەیامەکەی ڤلادیمیر پوتین بووە، سەردانی دیمەشقی کردووە و لە گەڵ بەشار ئەسەد، کۆبووەتەوە. پەیامەکە گوزارشت لەوە دەکات، کە سەرجەم ناوچەکانی عەفرین و باکوری سوریا لە چوارچێوەی ڕێککەوتنەکانی ناوسراو بە ناوچەکانی کەم کردنەوەی شەڕ و ئاڵۆزی، ڕادەستی روسیا. ئێران و تورکیا دەکرێت. بەپێی زانیاریەکانی شەرقولئەوسەت، والری گراسیمۆف، سەرۆک ئەرکانی سوپای روسیا، بە ڕێگەی سەردانیکردنی دیمەشق و مانەوەی لە بنکەی سەربازی حەمیمیم و دیدار و چاوپێکەوتنی لە گەڵ لایەنەکانی پەیوەندیدار (هێزەکانی سوریا، هێزەکانی هاوپەیمان و یەپەگە) ئەم پەیامەی پوتینی پێگەیاندوون.

### ڕێککەوتنی دووقۆڵی

شەرقولئەوسەت ئاشکرای دەکات، ئەم فەرماندە سەربازیەی روسیا، کە بە نهێنی سەردانی دیمەشقی کردووە، لایەنەکانی پەیمانی پوتینی شی کردۆتەوە. بە گوێرەی پلانەکەی پوتین، چەند ناوچەیەکی سوریا ڕادەستی حکوومەتی سوریا و هاوپەیمانانی دەکرێ، بەو مەرجەی، کە هیچ کام لەم ناوچانە لە عەفرینەوە نزیک نەبن.

لە بەرامبەردا، سوپای تورکیا ١٢ یان ١٣ بنکە لە پارێزگاکانی ئیدلیب، حەما و حەلەب دەکاتەوە و هاوکات لە ئۆپەراسیۆنەکانی چڵە زەیتون، بۆ لکاندنی ناوچەکانی جێی مەبەستی ئۆپەرایسۆنی قەڵغانی فورات و جرابلس و ناوچەکانی ئیدلیب بەردەوام دەبێت. لە درێژەی ڕاپۆرتەکەی شەرقولئەوسەت، باس لەوە دەکرێ، کە بەرپرسێکی سوریا ئەم پەیامە و وردەکاری ناوچەکانی بە سیپان حەمۆ، فەرماندەی یەپەگە گەیاندووە. ژمارەیەک لە فەرماندە سەربازیەکانی کورد، ئەم بڕیارەی دیمەشقیان وەک کشانەوەی هێزەکانی سوریا لە عەفرین و باکور سوریا بە قازانجی تورکیا لێکداوەتەوە.

ئەم پەیامەی پوتین، پەیامێکی دیکەی روسیا پشتڕاست دەکاتەوە، کە پێشتر سیپان حەمۆی لێ ئاگادار کراوەتەوە؛ ئەوەیش ئەوەیە، کە بەپێچەوانەی پڕوپاگاندا و بانگەشەی میدیا و بەرپرسانی سوریا، کە ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتون، وەک دەستدرێژی تورکیا ناودەبەن، مۆسکۆ ڕێگە بە دیمەشق نادات، کە بەرامبەر بە ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا لە سەر خاکی سوریا بوەستێتەوە.

هێرشەکانی تورکیا و بەردەوام بوونی، وەبیرهێنەرەوەی پەیامێکە، کە حەمۆ لە مۆسکۆ و لە دەستپێکی ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتون، لە سەرۆک ئەرکانی سوپای روسیای بیستووە، ئەوەی کە تورکیا مافی بەرگری لە ئاسایشی نەتەوەیی خۆی هەیە و سوپای روسیاش ڕێگر نابێ لە بەردەم هێرشی فڕۆکەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین. پەیامی سەربازی ئەم ڕێککەوتنە ئەوەیە، کە عەفرین بەرە بەرە دەخرێتە چوارچێوەی ڕێککەوتنەکانی کەم کردنەوەی ئاڵۆزی و پێدەچێ ١٥ی مارس، لە ئاستانای پایتەختی کازاخستان بڕیاری لە سەر بدرێت.